# سەمای گورگەکان!



مزگین بینگۆل/ لە ستۆکهۆڵم

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

هەر چەند ئێمە زیاتر بە دوای پەیوەندییەکانی «وەلی کچوک»ی تاوانباری ڕووداوەکانی سوسور لوک و شەمەدینان لە تورکیادا ڕۆیشتین، ئەوەندەش ناوی سەرنج ڕاکێش ڕووبەڕوومان بونەوە، لەسەربازەکان بگرە تا دەگاتە سۆسالیست و ڕۆژنامەگەری لە کەناری دەریای ڕەش دەستیان لە خوێن ڕژاندنی کوردی بێ تاوان هەبووە، ئێمە لە کەسایەتی ئەواندا سەیرمان کرد ئەو کاتەی باسی مافی گەلان دەکرێت، لە تورکیا گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە، جەواد دەرئاختی داوای کردبوو خەڵک بەشداری ئەو ڕێپێوانە بکات کە «پەرین چەک» لە دژی کۆمەل کوژی ئەرمەنییان لە پاریس بەڕێوەی دەبات، ئەم بانگەوازە لە ماڵپەڕێک بەناوی«ulusalkanal.com- کەناڵی نێونەتەوەیی» بڵاوکرایەوە، جەواد دەرئاختی داوایکردبوو جەنگاوەرانی تورک بۆ یارمەتیدانی (دۆغۆپەرین چەک) بێنە پاریس.

ئەگەر ئێمە جارێکی دیکە لە ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێت لە ناوی پەرین چەک بگەڕێین، بە ئاسانی بەدەستمان دەکەوێت، باس لەوە دەکرێت وەلی کچوک لە دوورگەی قوبرس لەگەڵ دۆغۆ پەرین دیداری سازداوە و لەسەر مژاری ئەرمەنی و کورد قسەیان کردووە، لەلایەکی تر کوڕی دۆغۆ پەرین چەک(محەمەد دۆغۆ پەرین چەک ) کە بەرپرسیاری لقی گەنجانە لە پارتی کرێکاران دەڵێت« ئێمە زۆر جار وەلی کچوکمان بۆ دەزگاکەمان بانگکردووە.

جەواد دەرئاختی کە لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ «ئالپ ئەرسەلان» لە نێو ڕێکخستنی ئازەرییەکان لە دیا سپۆرت کە وەک لقێکی تورکیا دەناسرێت یەکتریان ناسیوە و هەندێک نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تورکان لە دژی دەزگای کوردان نارەزایی نیشاندەدەن.

مرۆڤ دەزانێت ئەم هەڵوێستەی ئەوان سەربەخۆیە، لە نێو لێکۆڵینەوەکەماندا ئەوەمان بۆ ڕوونبۆوە کە هەریەکە ڕۆڵێکی گرتۆتە سەرشانی خۆی، تەڤگەری ئەو کەسانە چیرۆکی کوردان بەناوی«خالی کەرپاشا» دێنێتەوە یادمان، هەندێک لە دهۆک دەخەن و هەندێکیش بانگەوازی لە خەڵک دەکەن و هەندێکی تریش بە گۆچانان ڕوو لە کوردان دەکەن.

دیسان نووسەری ڕۆژنامەی«ئەکشام»ی تورکی «گولەر کۆمورجو» لە گۆشەکەیدا باسی ڕۆژنامەی ئازادیا وڵات دەکات، ئەو ڕۆژنامەیە وەک مەترسیەک دەبینێت بۆ سەر تورکیا ، ئەو بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەزگای جیهانیی تورکیا کردووە کە وەلی کچوک سەرپەرشتی دەکات و لە شوێنی عیسا قەمبەر لە ئازەربایجان نان دەخوات، لەوێ پێی لە پێوانەکانی ڕۆژنامەگەری دەکات و لە وتەکانی قەمبەردا شتێک بۆ بەرژەوەندی تورکیا نابینرێت.

لە نێو هەموو کەسایەتییەکان وەلی کچوک یاریزانێکی سەرەکیە و لە هەر شوێنێک هێڵێکی تاریک هەبێت ئەوی تێدایە، ئێمە لە لێکۆڵینەوەکاندا دەبینین لەگەڵ ئەو چەتانەدا نییە کە لەماوەی ئەم دواییە لە دژی گەلانی ئەنادۆلیا کۆمەڵکوژیان ئەنجامداوە، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە تورکیا حیسابێکی مێژوویی نەدات و هەبوونی خۆیان لەگەڵ یەکتری بەردەوام بکەن، هەندێکجار ناوی وەلی کچوک و هەندێکجار ناوی تەڵعەت پاشا دەبنە کێشە بۆ گەلان، هەندێکجاریش دەڵێن لە«١٥»ی شوباتدا کۆتایی بەم بەرخودانە دێت، بەڵام ئەو وەڵامەیان لە کۆکردنەوەی سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار کە دەڵێ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئیدارەی منەو لەبەرزکردنەوەی هەردوو پەنجەی منداڵان کە نیشانەی سەربەخۆییە ، وەرگرت، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ «پرسی ڕێگا لە کوێران و ئامۆژگاری لە شێتان وەربگرە».